پاتریارک لویس ساکۆ دەستی لە کار کێشایەوە

کاردینال لویس رافائیل ساکۆ، پاتریارکی کەنیسەی کلدانی لە عێراق و جیهان، بە فەرمی قبووڵکردنی دەستلەکارکێشانەوەکەی لە لایەن پاپای ڤاتیکانەوە ڕاگەیاند.

ئەمڕۆ سێشەممە، 10ـی ئاداری 2026، کاردینال لویس رافائیل ساکۆ، پاتریارکی کەنیسەی کلدانی لە عێراق و جیهان، لە ڕاگەیەنراوێکدا ڕایگەیاند: دوو ساڵ بەر لە ئێستا کە تەمەنم 75 ساڵ بوو، بیرم لە پێشکێشکردنی دەستلەکارکێشانەوە دەکردەوە، تەنانەت لێگەڕا پاپا فرانسیسی کۆچکردووش باسی ئەو بابەتەم کردبوو، بەڵام ئەو هانیدام بەردەوام بم و بیر لەو بیارە نەکەمەوە.

لویس رافائیل ساکۆ، دەڵێت: دوێنێ، بەو پێیەی ئازادی خۆم، بیارەم دا نووسراوی دەستلەکارکێشانەوەکەم پێشکێشی پاپا لیۆی چواردەیەم بکەم، بە ئەوەی کاتەکانم بە نوێژ، نووسین و خوێندنەوە تەرخان بکەم.

هاوکات گوتیشی: پاپا لیۆی چواردەیەم، دەستلەکارکێشانەوەکەمی قبووڵ کرد و خەم داوام کرد ئەو هەواڵە

ئەم بڕاو بکرێتەوە. ساکە، دووپاتی کردەوە، کە ئەم بڕیارەی لەسەر داوا و فشاری هیچ کەسێک نەبووە، بەڵکو بە ئیرادەی خۆی بووە.

ساکە زیاتر دەڕۆت: "لە هەڵومەرجێکی زۆر سەخت و لە نێوەندی ئاڵنگارییەکی گەورەدا سەرکردایەتیی کۆنیسەی کلدانیم کرد، یەکێیزیی دامەزراوەکانیم پاراست و هیچ درێغیم لە بەرگریکردن لێیان و لە مافەکانی عێراقییەکان و کریستیانەکان نەکردووە.

لە بارەی شوێنگرەوەکەشیەوە ساکە رایگەیاند: "هیوادارم بە سەرکردایەتیکردنی کۆنیسەی کاسۆلیکی کلدانی لەم سەردەمە سەختانەدا، پاتریارکێک بێت کە خاوەن هەزری کراوە، ڕۆشنبیرییەکی پتەوی لاهووتی، بوێری و دانایی بێت، من ڕێزی دێگرم و هەرگیز دەستوەردان لە کارەکانیدا ناکەم".

هاوکات پاتریارک ساکە ئاشکرای کرد، "وەسیەتنامەکەی خەم لەو کاتەوەی قۆناغ بووم نووسیوە و چەندین جار نوێم کردووەتەوە، نزیکەی 40 ملیۆن دیناری عێراقی، 5 هەزار دۆلار و 5 هەزار یۆرۆم هەیە کە پاشکەوتی موواچەکانمە لە ماوەی 52 ساڵ خزمەتی قەشەیەتیمدا، سەرجەمی بەڵە پارەیەکی دیکە کە پشکی خۆمە لە فرۆشتنی ماڵی باوکم لە مووسڵ، نە خاوەنی خانووم و نە ئۆتۆمبێل، بەڵام سەرمایەی ڕاستەقینەم خزمەتە دەسزانەکەم و ئەو 45 پەرتووکەیە کە بڵاوم کردوونەتەوە. لە نزا و نوێژەکانتاندا یادم بکەن".